## تەوەری گوڵان

# مەحاڵبوونی پێکەوەژیانی شیعە و سوننە و ئەگەرە



د. عەدنان دلێمی

هاوکات لەگەڵ دەسپێکی ستراتیژە تازەکەی بوش لە عێراقدا و دەسپێکی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایشی بەغدا، وێڕای ئەوەی چەند هەوڵێکی باش بەو ئاراستەیە دراون، بەڵام کاردانەوەی توندوتیژی شێوازێکی خراپتری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی تەقینەوەکانی نێو زانکۆی موستەنسرییە کە راشکاوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کێشەی عێراق لەو ستراتیژە سەربازییە گەورەترە کە بۆش دەیەوێت لە عێراقدا هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت.

ئاستەنگ و کێشەی سەرەکی عێراق لەو خاڵەدا دەگاتە حاڵەتی بێ ئومێدبوون کە کردەوە سەربازییەکان چەند ئاکامی باشیان هەبێت، کاردانەوەی توندوتیژی ترسناکتر دەبێت، ئەمەش تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە بەرەوپێشەوەچوونی پلانە سەربازییەکە، بەرەوپێشەوەچوونی سیاسی بەدوادانایەت.

ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمەریکا بۆ ئەوە نییە ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەیە هەرچۆنێک بێت ئەمجارە ئەمەریکا لە عێراقدا نەدۆڕێت و لە چوارچێوەی سازشێکی سیاسیدا عێراق بەجێ بهێڵێت.

بەڵام کاتێک ئەم ستراتیژە سەربازییە بە هیچ شێوەیەک لەواری بەرەوپێشەوەچوونی هاوکێشەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەوا وەک بوش لە وتارەکەیشیدا ئاماژەی پێکردووە «پابەندبوونی ئەمەریکا لە عێراقدا بۆ هەتاهەتایە نابێت».

بێ ئاکامیی سەرەتایی هەوڵە تازەکەی بوش، هێندەی دیکە دیموکراتەکانی ناو کۆنگرێسی توندتر کردووە، بەڵام ئەوەی دیموکراتەکانی والێکردووە پەنا بۆ بڕینی خەرجی هێزەکانی ئەمەریکا بەرن و بوش ناچار بکەن کە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت،



ئالان مادلن



# تاڵەكانی بەردەم ستراتیژی ئەمەریكا لە عێراقدا



ستیڤن بیدل

مەترسیە لەو ئاكامە خراپەی كە لە دوای كشانەوەی كتوپڕی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا دروست دەبێت و بەرژەوەندییەكانی ئەمەریكا نەك هەر لە عێراقدا بەڵكو لەسەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی مەترسیەكی گەورە دەبێتەوە.

هەڵسەنگاندن و بیروبۆچوونەكانی سەبارەت بەرەوشی عێراق و سەركەوتنی ستراتیژی ئەمەریكا لە عێراقدا هەمەجۆر و جیاوازن، گوڵان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بارودۆخە بیروبۆچوونی ئەم بەرێزانەی وەرگرتووە:

١- د. عەدنان دلێمی سەرۆكی بەرەی تەوافقی عێراق.

٢- ئالان مادلن پەرلەمانتاری فەرەنسی و داكۆكیكار لەسەر كێشەی كورد لە پەرلەمانی فەرەنسا

٣- ستیڤن بیدل پسپۆر لەسەر ستراتیژی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوە.

٤- قوباد تاڵەبانی نوێنەری حكومەتی كوردستان لە ئەمریكا.

٥- د. رۆسماری هۆلێز پسپۆر لە كاروباری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا و بەریتانیا و بەڕێوەبەری توێژینەوەكانی چاتام هاوس لە لەندەن

بیروبۆچوونی ئەم پەرلەمانتار و پسپۆڕانە، خوێندنەوەی لایەنە جیاوازەكانی هاوكێشەی سیاسی عێراق و رەهەندەكانی ستراتیژی ئەمەریكایە لە عێراقدا، هەر بۆیە لەوانەیە لە هەندێك لایەندا ئەم بیروبۆچووونانە لەگەڵ ئەو سیاسەتەی گوڵان پیادەی دەكات یەكنەگرنەوە، بەڵام لە روانگەی پابەندبوون بە بنەماكانی ئازادی و رادەربڕین، گوڵان بیروبۆچوونە جیاوازەكان وەك خۆی بڵاودەكاتەوە، ئەمەش دەقی بۆچوونی ئەو بەرێزانەیە.



د. رۆسماری هۆلێز





قوباد تاڵەبانی

د.عەدنان دلێمی
سەرۆکی بەرەی تەوافقی عێراقی تایبەت بە گوڵان:

# عێراق بەرەو کارەسات ملدەنێت و بە پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانیش گەشبین نیم



باسکردنی بارودۆخی عێراق هەرچۆنێک بتەوێت باسی بکەیت لە چەند وشە تێپەڕ ناکات کە عێراق ئێستا بریتییە لە (بارودۆخێکی زۆر خراپ، نازانرێت ئەم بارودۆخە بەرەو کوێ دەچێت، دەوڵەت بوونی نییە، سیاسەتێکی مەزهەبی کاروباری دەوڵەت بەڕێوە دەبات، دەستێوەردانێکی زۆری نێودەوڵەتی هەیە، سەرباری هەموو ئەمانەش بوش مالکی بە لاواز تۆمەتبار دەکات، مالکیش ئۆبالی هەموو کارەساتی عێراق دەخاتە سەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا.

ئەم چەند دێڕە پەیوەندی بەوەوە نییە کێ ئەم قسانە دەکات، ئایا ئەمە وەزیرێک لەناو حکومەتەکەی مالکی وای لێکداوەتەوە یاخود سەرۆکی لایەنێکی سیاسی بەهێز لەنێو پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقدا، یان چاودێر یان تۆژەرێکە لەیەکێک لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە.

بارودۆخی عێراق ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە خراپترە، سیاسەتمەدارەکان پێش خەڵک و هاووڵاتی ئاسایی بەرامبەر بە ئاینده نائومێد بوون، هیچ ئاسۆیەک دیار نییە بەوەی ئایا ئەم بارودۆخە بەرەو باشتر دەچێت؟ بەڵکو مەزەندەکان هەمووی بەو ئاراستەیەن بارودۆخەکە خراپتر دەبێت.

گوشاری زۆرینەی دیموکراتەکانی ناو کۆنگرێسیش هێندە کاریگەری لەسەرمیدیا هەیە و گوشارێکی ئەوتۆی لەسەر ئیدارەی بوش دروست کردووە، ئیدی سەرۆک بوشیش چیدیکە توانای نەماوە بەرگەی ئەو هەموو گوشار و رەخنانە بێتەوە، هەربۆیە گەیشتە ئەو ئاستەی راشکاوانە بڵێت، هیچ کاتێک وەک ئێستا مالکی لاواز نەبووە، هەروەها کۆندا لیزارایسی وەزیری دەرەوە ئەمەریکاش لەبەردەم کۆنگرێس ئاماژەی بەوە کرد کاتێکی زۆر رۆیشت و حکومەتی مالکی نەیتوانی هیچ بکات.

سەبارەت بە بارودۆخی واقیعییانەی عێراق و دیدی عەرەبی سوننە لەسەر ئەم بارودۆخە "گوڵان" هەڤپەیڤینێکی تەلەفۆنی لەگەڵ د.عەدنان دلێمی سەرۆکی بەرەی تەوافقی عێراقی ساز کرد، ئەمەش دەقی بۆچوونەکانی بەڕێز د.عەدنان دلێمییە:

**عێراق بەرەو کارەسات ملدەنێت**

کە دەڵێین پێکەوە ژیانی نێوان شیعە و سوننەی عێراق بۆتە کارێکی هێجگار قورس و گران، مەبەست لەوە نییە کە ئیدی دەبێ عێراق دابەشبکرێت و پیرۆزییەکانی سنووری دەوڵەت بگاتەوە دەستپێکی شەڕی سارد و مەترسی جەنگی سێیەمی جیهانی بێتە ئاراوە.

عێراق پێکەوە بێت یان دابەشبکرێت گرنگ نییە، ئەوەی ئەمڕۆ بۆ عێراقییەکان گرنگە سنوورێک بۆ ئەو کارەساتە دابنرێت و تەڕ و وشک پێکەوە نەسووتێت. بارودۆخی واقیعی عێراق بەتایبەتی پەیوەندی نێوان شیعە و سوننە لەوە چۆتە دەرەوە کە بە پروپاگەندەی راگەیاندن وەسف بکرێت، واقیعی عێراقی ئێستا لە دیدی عەرەبی سوننە "ئەوانەی لەحکومەت بەشدارن و لەنێو پرۆسەی سیاسی عێراقدان" بەو شێوەیە کە د.عەدنان دلێمی بۆ گوڵان خستیەڕوو:

"بارودۆخی ئێستای عێراق پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن و شەڕ و ئاژاوە، هۆکاری ئەم ئاژاوە و گێرەشێوێنیەش بوونی ملیشیا و دەرکردنی هاووڵاتییانی عێراقە لە زێد و ماڵی خۆی، هەروەها کوشتن و شوێن بزرکردن و دزی و کارە خۆکوژییەکانی رۆژانە، هەروەک ئەو کارە خۆکوژییەی لە نزیک زانکۆی موستەنسریە روویدا و کۆمەڵێک قوتابی بێ گوناه بوونە قوربانی، ئەگەر ئەم کارە تیرۆریستی و توندوتیژییانە سنوورێکی بۆ دانەنرێت ئەوا مەسەلەی عێراق کۆتایی هاتووە.

هەربۆیە پێویستە لەسەر هەموومان بە سوننە و شیعە و کورد و تورکمان و موسلمان و غەیرە موسلمان کە ئەم فتنەیە بکوژێنینەوە و هەوڵبدەین سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ عێراق بە دیدی من ئاسایش و سەقامگیری پێش ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی عێراقە، ئێمە با سەیری کوردستان بکەین لەبەر ئەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەو هەرێمە سەرکەوتوو بوون لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری خۆیان، ئێستا کوردستان لە نیعمەتی پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە دایە، بۆیە پێویستە ئێمەش پێش ئەوەی بیر لە هەر شتێک بکەینەوە دەبێ بیر لە سەقامگیری و دابینکردنی ئاسایش بکەینەوە.

## ستراتیژیەتی ئەمەریکا لەعێراقدا
## بەبێ چەک داماڵینی ملیشیاکان سەرکەوتوو نابێت

بوش لە گوتارەکەیدا کە سیمای ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکای لە عێراقدا خستەڕوو راشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، لە دوای تەقاندنەوەی مەزاری ئیمامی عەسکەری لە سامەرا، توندوتیژی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو دەسکەوتی عێراقییەکان رووبەڕووی مەترسی کردۆتەوە، هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد لە دوای ئەو رووداوە لەلایەن هەندێک میلشیای چەکدارییەوە، گرووپی مردن بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەوجا چ بە کوشتن یان بە شوێن بزرکردن دامەزراوە ئەمەش کەلێنێکی گەورەی خستۆتە نێوان شیعە و سونەی عێراقەوە.

بەدیدی سوننەی عێراق ئەو ملیشیا چەکدارانە سەرقاڵی تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی و پاکتاوی مەزهەبین لە گەڕەکانی بەغدا، هەروەها بەدیدی شیعەش پاشماوەکانی رژێمی بەعس و تیرۆریستانی رێکخراوی ئەلقاعیدە هۆکاری ئەم تەنگژە و ئاژاوەیەی عێراقن.

بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم ئاژاوەیەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاریداوە نزیکەی ٢٠ هەزار سەربازی زیاتر رەوانەی عێراق بکات، دەربارەی ئەم مەسەلەیە گەلێک لەچاودێران پێیان وایە، ئەم زیادکردنە لەوانەیە بتوانێت لەسەر ئاستی سەربازی لە چەند هەنگاوێک سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەگەرئەم سەرکەوتنە سەربازییە، هەنگاوی سیاسی بەدوادا نەیەت ئەوا بارودۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، دەربارەی ئەم مەسەلەیە د.دلێمی بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

"ئەگەر ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکا نەتوانێت میلشیا چەکدارەکان چارەسەر بکات، ئەوا هیچ سەرکەوتنێک بەدەست **نایەت**، پێش هەموو شتێک دەبێ ئەو ملشیانە چەک بکات و چەک تەنیا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا بێت.

ئێستا ملیشیا تائیفییەکان هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریان شێواندووە و خۆیان خزاندۆتە ناو ریزەکانیان، هەربۆیە دەتوانم راشکاوانە بڵێم، ئێستا ئەم دوو وەزارەتە لە ژێر کۆنترۆڵی تائیفییەکاندایە. ئەمەش بۆتە سەرچاوی ململانێی مەزهەبی و حکومەتی عێراقیش ئەو توانایەی نییە ئەم دوو دامەزراوە گرنگە پاکسازی بکات، ئێستا وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ پرە لەو کەسانە کە هەوڵدەدەن ئەم وڵاتە کاول بکەن.

بێگومان پاراستنی هاووڵاتییان ئەرکی سەرشانی هەر حکومەتێکە، بەڵام ئەم حکومەتە ناتوانێت ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت، بۆیە پێویستە ئەو بەرپرسیارێتییە بکەوێتە سەرشانی ئەمەریکا بەپێی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێککەوتننامەی ژنێڤ، لەم حاڵەشدا ئەرکی سەرشانیانە سەلامەتی هاووڵاتییانی عێراق دابین بکەن.

### حکومەتی مالکی
### ناتوانێت سەقامگیری بۆ عێراق دابین بکات

لەمانگی نۆڤەمبەری رابردوو لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس لە ئەمەریکا، کەناڵی CBSی ئەمەریکی لەسەر زاری کەسە نزیکەکانی مالکییەوە هەواڵێکی بڵاوکردەوە، بەوەی گوایە مالکی لای راوێژکارە نزیکەکانی درکاندوویەتی کە کۆنترۆڵی بەغدا لەدەست دەرچووە، چیدیکە حکومەتی عێراق ناتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات، ئەم

**ئێمە با سەیری کوردستان بکەین لەبەر ئەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەو هەرێمە سەرکەوتوو بوون لە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری خۆیان، ئێستا لە کوردستان نیعمەتی پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوە دایە**

• • •

**"ئەگەر ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکا نەتوانێت میلشیا چەکدارەکان چارەسەر بکات، ئەوا هیچ سەرکەوتنێک بەدەست**



**ئێستا میلیشیا تائیفییەکان هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریان شێواندووە و خۆیان خزاندۆتە ناو ریزەکانیان، هەربۆیە دەتوانم راشکاوانە بڵێم، ئێستا ئەم دوو وەزارەتە لە ژێر کۆنترۆڵی تائیفییەکاندایە. ئەمەش بۆتە سەرچاوەی ململانێی مەزهەبی و حکومەتی عێراقیش ئەو توانایەی نییە ئەم دوو دامەزراوە گرنگە پاکسازی بکات،**

• • •

**من گەشبین نیم بەوەی کە حکومەتی عێراق ئەو توانایەی هەبێت و بتوانێت کۆنترۆڵی باری ئەمنی شەقامی عێراقی بکات، ئەم حکومەتە بوارێکی زۆری  خرایە بەردەم و هاریکاریش کرا، بەڵام هیچی پێنەکرا و نەیتوانی لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتەدا بێت**

واقیعەی حکومەتی عێراق ئەو کاتە وەک پروپاگەندەیەکی ئیعلامی دژ بە ئیدارەی بوش درایە قەڵەم، بەڵام پاش ئەوەی کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس لەبەردەم دیموکراتییەکاندا شکستیان هێنا ، نەک هەر ئەندامانی ئیدارەی بوش، بەڵکو خودی سەرۆک بوش رایگەیاند کە مالکی لاوازە و توانای راستکردنەوەی بارودۆخی بەغدای نییە ، هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی  هێزەکانی ئەمەریکا زیاد بکرێت، بێگومان لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقیش قسەو باس لەمبارەیەوە زۆرن، بەڵام مالکی لە وەڵامدانەوەی ئەم واقیعەی کە هەیە ، بەوجۆرە ئاماژەی پێدەکات کە ئەم جۆرە قسانە لە بەرژەوەندی تیرۆریستاندایە و زیاتر بەهێزیان دەکات، دەربارەی توانای حکومەتی مالکی بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایشی عێراق سەرۆکی بەرەی تەوافوقی عێراقی گوتی:

"من گەشبین نیم بەوەی کە حکومەتی عێراق ئەو توانایەی هەبێت و بتوانێت کۆنترۆڵی باری ئەمنی شەقامی عێراقی بکات، ئەم حکومەتە بوارێکی زۆری خرایە بەردەم و هاریکاریش کرا، بەڵام هیچی پێنەکرا و نەیتوانی لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتەدا بێت، هەربۆیە ئێستاش نەک هەر ناتوانرێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات بەڵکو ناتوانێت ئاستی توندوتیژیش کەم بکاتەوە".

**هاتین بۆ کوردستان**
**بۆ ئەوەی باسی ئاسایش و سەقامگیری عێراق بکەین**

لە دەستپێکی  ئەم مانگەدا شاندێکی بەرەی تەوافق بەسەرۆکایەتی د.عەدنان دلێمی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە دەربارەی ئەم سەردانە د.دلێمی گوتی:

"ئێمە سەردانی سلێمانی و هەولێرمان بۆ ئەوە کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ برا کوردەکانمان باسی مەسەلەی عێراق بکەین و پێکەوە هاریکار بین لە پێناوی بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری لەعێراقدا بکەین، ئێستا لە پێناوی هەمان مەبەست وتووێژمان بەردەوامە و ئامانجی هەردوولاشمان لە پێناوی یەکپارچەیی عێراق و بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیرییە لەعێراقدا!!

**پێکهاتنەوەی نیشتمانی بەم شێوەیە سەرکەوتوونابێت**

پێکهاتنەوەی نیشتمانی و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو، دەستپێکی ژیانێکی نوێ لەسەر بنەمای گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان، ئەو وشە بریقەدارانەن کە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی عێراقیدا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە و بەڵام لەسەر ئەرزی واقیعی عێراق وشەکانی بێ گیانن و هیچ کارێکیان پێ ناکرێت، دەربارەی ئەم پرسە د.دلێمی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

"هەوڵێکی گەورە لەبەردەمدایە بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی، بەڵام ئەم پێکهاتنەوەیە پێویستی بە زەمینەیەکی لەبار و بونیادنانەوەی متمانەی نێوان هەردوو لایەنی کێشەکە هەیە، پێموایە ئێستا متمانەی هەر لایەک بەوی دیکە زۆر لاوازە و  ناتوانن پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گرنگە کار بکەن، هەربۆیە باسکردنی مەسەلەی پێکهاتنەوەی نیشتمانیش لە وشەی سەرلاپەڕەکان تێناپەڕێت و  نابێتە بەرنامەیەکی کار بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی، هەربۆیە من هیچ بەم پرۆسەی  پێکهاتنەوەی نیشتمانییە گەشبین نیم و هەستیش  ناکەم لایەنەکان بە جیدی هەوڵبدەن بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

پێش هەوڵەکانی بەغدا، کۆمکاری عەرەبی هەوڵیدا لە قاهیرە دوو کۆنگرە بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی گرێبدات، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمکاری عەرەبی نووسینگەیەکی لە بەغدا کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق دەستی هاوکاری بۆ درێژ نەکرد، نووسینگەکە کاری پێناکرێت و  پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی تووشی حاڵەتی چەق بەستن هاتووە.

**هەموو هەوڵەکان بۆ کوژاندنەوە ئەم فیتنە تائیفییەیە**

لە دووماهی ئەم هەڤپەیڤەینەدا د.عەدنان دلێمی داوای لە هەموو عێراقییەکان کرد کە پێکەوە هاریکار بن بۆ کوژاندنەوەی ئەم فیتنە تائیفییەی کە ئێستا بەسەرعێراقدا زاڵ بووە و  ئایندەی عێراقی خستۆتە مەترسییەوە، لەمبارەوە گوتی: "من داوا لە هەموو هاووڵاتییانی عێراق دەکەم لە پێناوی یەکپارچەیی عێراق و پێکهاتنەوەی نیشتمانی  هاریکاری یەکتری بکەن، هەروەها داوا دەکەم هەموو پێکەوە هەوڵبدەن ئاشتی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ عێراق و مەترسی کارەساتی ئەم فیتنە تائیفییە دوور بخەینەوە".



ئالان مادلن پەرلەمانتاری فەرەنسی تایبەت بە گوڵان:

# باری عێراق زۆر ئاڵۆزە و بە ستراتیژی سەربازی کۆنترۆڵ ناکرێت



**فەرەنسا وەک یەکێک لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەتێکی گەورەی ناو یەکێتی ئەوروپا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رەوتی سیاسەتی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی فەرەنسا هاوپەیمانێکی تەقلیدی بەرەی رۆژئاوا بووە، بەڵام لە شەڕی ئەمەریکا لە عێراقدا پشتگیری ئەمەریکا لە ئەنجومەنی ئاسایش نەکرد، هەر بۆیە ئەمەریکاش ناچار بوو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش هێرشی سەربازی بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دەست پێبکات و، سەرکەوتنێکی سەربازی گەورەش لە عێراقدا بەدەست بهێنێ، بەڵام ئەم سەرکەوتنە سەربازییەی ئەمەریکا سەرکەوتنی سیاسی گەورەی بەدوادانەهات، بۆیە جارێکی دیکە بۆ کۆنترۆڵکردنی باروودۆخەکە سەرۆک بوش پەنای بۆ ستراتیژی سەربازی بردۆتەوە. بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاجیاکانی ئەم هاوکێشە و پێگەی کورد لەم هاوکێشەیەدا، بەڕێز ئالان مادلن پەرلەمانتاری فەرەنسی و داکۆکیکار لەسەر مافی کورد لە پەرلەمانی فەرەنسا لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

### کۆتایی هێنان بە توندوتیژی بە عێراقییەکان دەکرێت نەک ئەمەریکا

گومان لەوەدانییە هەموو بیروبۆچوونەکان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە، کە کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایشی عێراق و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری، کلیل و دەستپێکی دامەزراندنەوەی عێراقێکی نوێیە، بەڵام بیروبۆچوون و هەڵوێستەکان لەو خاڵەدا لە یەکدی دووردەکەونەوە، کاتێک پرسیار دەبێتە ئەوەی «چۆن کۆنترۆڵی باروودۆخی ئاسایشی عێراق بکرێت؟ چ میکانیزمێک سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ؟»

فەرەنسا وەک یەکێک لە سۆپەرپاوەرەکانی جیهان هەر لە سەرەتاوە بیروبۆچوون و هەڵوێستی لەسەر میکانیزمی سیاسەتی ئەمەریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیێی عێراق هەبووە، ئێستاش سەبارەت بەم ستراتیژە تازەیەی ئەمەریکا هەڵوێستی لەگەڵ ئەمەریکا یەکناگرێتەوە، دەربارەی سیاسەتی فەرەنسا و تێڕوانینی بۆ عێراق، ئالان مادلن پەرلەمانتاری فەرەنسی بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«من وەک بیروبۆچوونی خۆم بۆ گۆڤارەکەتان دەدوێم، من وای دەبینم سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر بە عێراق ئەوەیە کە کێشەی عێراق لەوە گەورەترە بەهێزی سەربازی چارەسەر بکرێت، بە دیدی من کۆتایی هێنان بەو توندوتیژیەی ئێستا لە عێراقدا هەیە، تەنیا بە خودی عێراقییەکان جێبەجێ دەکرێت، ئەویش لە عێراقدا و بە پێکهاتنەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر داڕشتنی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ ئاییندەی عێراق.

لە سەردانی ئەم دواییەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ فەرەنسا بینیم بەڕێزی بیروبۆچوونی زۆرباشی هەیە بۆ هێورکرنەوەی باروودۆخی عێراق، بەتایبەتی سەبارەت بەوەی دەبێ عێراقییەکان خۆیان کۆنترۆڵی باروودۆخی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان بگرنە دەست و هەوڵبدرێت هێزەکانی عێراق مەشق و ڕاهێنانی زیاتریان پێ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئاسایشی وڵاتی خۆیان بپارێزن و پرۆسەی دیموکراتیش لە عێراقدا سەربگرێت، بەبۆچوونی من ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا.

### پێکهاتنەوەی نیشتمانی و بنەماکانی کۆنگرەی سەلاحەددینی ٢٠٠٣

بەر لە ڕووخانی رژێمی پێشووی عێراق، سەرجەم لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق وەک ئۆپۆزسیۆنی عێراق بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بونیادنانەوەی عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن چەندین کۆنگرەی گرنگیان ئەنجامدا، دواین کۆنگرەکان لە کوردستان بوو کە نوێنەری ئەمەریکاش تیایدا ئامادەبوو.

**کێشەی عێراق لەوە گەورەترە بەهێزی سەربازی چارەسەر بکرێت**

لە سەرەتاوە کورد هەوڵێکی زۆریدا کە قۆناغی دوای رژێمی سەدام ئەو ئاڵۆزییەی تێنەکەوێت کە ئێستا دەبینرێت، ئەمەش بەو مانایەی کە پێشتر پێشبینی ئەوە کرابوو عێراق حاڵەتێکی توندوتیژی و پاشاگەردانی بەخۆیەوە دەبینی و ئەم حاڵەتەی ئێستای عێراق، حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، هەر بۆیە ئاماژەکان بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرن، وێڕای ئەوەی دەستەبژێری سیاسی عێراق لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا جەخت لەسەر پێکەوەژیان و عێراقێکی سەقامگیرو ئارام دەکەنەوە، بەڵام واقیعی عێراق شتێکی دیکەیە، دەربارەی ئاڵۆزی پێکهاتەی بارودۆخی عێراق مادلن بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

«بەبۆچوونی من بارودۆخی عێراق هەندێک ئاڵۆزە، من لە ساڵی ٢٠٠٣ پێش ئەوەی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق دەست پێبکات لە هەولێر بووم، لەوکاتەدا کۆنگرەیەک بۆ خۆئامادەکردن بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن لە سەلاحەددین بەڕێوەچوو، لەو کۆنگرەیەدا کورد و شیعە پێکەوە دانیشتبوون خۆیان بۆ عێراقێکی نوێ ئامادە دەکرد، هەر بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونە سەد دەرسەد یەکدەگرمەوە کە ئەوەی لە کۆبووەنەوە و کۆنگرەکان باسدەکرێت و لەسەری رێکدەکەون، لەسەر ئەرزی واقیع شتێکی دیکە هەیە، ئەوکات ساڵی «٢٠٠٣» هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لەسەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی بونیادنانەوەی عێراق کۆک بوون، بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد شتێکی دیکە بوو، بە دیدی من پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە. زۆر هێزی بەخەبەرهێنا کە پێشتر حسابیان بۆ نەکرابوو، یان هەستی پێنەکرابوو، یاخود وەک فاکتەرێک بۆ هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیی لە عێراقدا لەبەرچاو نەگیرابوون، من ئێستا هەزاران میل لە واقیعی عێراقەوە دوورم، بەڵام هەست دەکەم واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی حکومەتی عێراق پیادەی دەکات پێچەوانەیە. ئێستا لە عێراقدا شەڕێکی ناوخۆیی هەیە، فاکتەری سەرەکی ئەم شەڕە ناوخۆییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵۆزییەی لە نێوانە لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننەدا هەیە، ئەم ئاڵۆزییەش بۆشاییەکی سەدام حوسێنەو سوودی لێوەرگیراوە و بارودۆخەکە هێندەی دیکە ئاڵۆزتر بووە.

من لەو هەوڵانە تێدەگەم کە چ لەلایەن ئەمەریکا یان عێراقییەکانەوە دەدرێن بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و دامرکادنەوەی شەڕی ناوخۆی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە و هاندانیان بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە هاوکێشەیەکی شلۆقی دروستکردووە، ئاکامی ئەم هەوڵانەش تا ئێستا بەو ئاستە دڵخۆشکەر نین کە ئومێدی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵام لە دوایین جاردا، تەنیا رێگە لەبەردەم عێراقییەکاندا گەرانەوەیە بۆ پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتن و ئەو پرەنسیپانەی لە سەلاحەددین لەسەری رێککەوتوون بۆ ئەوەی بە زووترین کات شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێ بێت و عێراقێکی فیدراڵی و سەقامگیر بێتە ئاراوە.

**پێویستە حوکمڕانی کوردستان ببێتە نموونە بۆ هەموو عێراق**

فاکتەری سەرەکی ئارامی و سەقامگیری هەر کۆمەڵگەیەکی فرەیی، گیانی لێبوردەیی و داننانی لایەنەکانە بە مافی بەرامبەرە و بەیەکتری، نەبوونی ئەم پرەنسیپە هەتا ئێستا لە عێراقدا بۆتە هۆکاری بەردەوامی ئەم ناسەقامگیرییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە و شکستهێنانی هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی دەدرێن.

دەربارەی ئەم فاکتەرانە پەرلەمانتاری فەرەنسی گوتی: «کە سەیری ئەو هەوڵانە دەکەیت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق نەخشەی بۆ دادەڕێژرێت، دەبینین هەموویان هەوڵی باشن، بەڵام ئەم هەوڵانە لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا رووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی دیکە دەبنەوە کە لە زیادکردنی هێزی سەربازی ئەمەریکا گەورەترن، ئێستا هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە زیادکردنی هێزی سەربازی ئەمەریکا بۆ کۆنترۆڵی باری نائارامی بەغدا تاقیبکرێتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ئەم کارە بەخودی عێراقییەکان نەبێ بە هێزی زیاتری ئەمەریکا نایەتە دی، ئێستا ئەگەر باسی هەرێمی کوردستان بکەین، کە ئەویش کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرە ئایینە، دەبینین بەبێ هێزی ئەمەریکاش ئەو هەرێمە سەقامگیر و ئارامە، ئەمەش لەبە ئەوەیە خەڵکی کوردستان توانیویانە خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخی کوردستان بکەن و ئەم پێکەوەگونجانەی نێو پێکهاتەکانی کوردستان وای لەهەر چاودێرێک کردووە، بەرامبەر ئاییندەی کوردستان گەشبین بێت، بەتایبەتی کە ئێستا دەبینین خۆشبەختانە کوردستان بۆتە نموونەیەکی دیموکراسی و هەروەها نموونەیەکی ئاشتی و تەبایی لە هەموو عێراقدا، راستە هەندێک جار بە هۆکاری جیاواز هەندێک کاری ناسەقامگیری ڕوودەدات بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە بارودۆخەکە تێکبدات، بە پێچەوانەوە زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵ دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەم واقیعەی کوردستان ببێتە نموونە بۆ سەرجەم عێراق، بۆ ئەوەی عێراقیش وەک بارودۆخی کوردستان سەقامگیر و ئارام بێت.

هەتا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لۆژیکانە لەگەڵ بارودۆخی عێراق رەفتاریان کردووە و نەیان هێشتووە کوردستان ببێتە بەشێک لەو شەڕی ناوخۆیەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەشدا کە پرۆسەیەکی گەورە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی بەغدا لە ئارادایە، من وای دەبینم کوردستان هەموو پێداویستەکانی دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری نەک بۆ عێراق بەڵکو بۆ سەرجەم ناوچەکە تیادایە.

**فیدرالیزم باشترین رێگەچارەیە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان**

کە سەیری ئەو توندوتیژییە ئاڵۆزەی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دەکەین و قۆزتنەوەی ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی شەڕی



**من ئێستا هەزاران میل لە واقیعی عێراقەوە دوورم، بەڵام هەست دەکەم واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی لەگەڵ ئەو بەرنامەیەی حکومەتی عێراق پیادەی دەکات پێچەوانەیە**

**خەڵکی کوردستان توانیویانە خۆیان کۆنترۆڵی بارودۆخی کوردستان بکەن و ئەم پێکەوەگونجانەی نێو پێکهاتەکانی کوردستان وای لەهەر چاودێرێک کردووە، بەرامبەر ئاییندەی کوردستان گەشبین بێت**

ناوخــۆ دروست بووە لەلایەن گـــرووپە تیــرۆریستــیــەکــانەوە، کۆمـەڵێک ئەگـەر دەرگایان لەبەردەمدا والآ دەبێت، لەوانەیە ئەم توندوتیــژییــە عــێــراق لەبەریەک هەڵوەشـێنێت، لەم حـاڵـەتە رێگەچارەی فـیـدراڵی چارەسـەری دۆزی کـورد ناکـات بۆیە کــورد ناچاردەبێت بە دوای ئەگــەر و ئەلتەرناتیڤی دیکەدا بگەڕێت، لەمبارەوە ئالان مادلن بەمجۆرە لەسەر ئەم بارودۆخە دووا:

«ئەم حـــاڵـەتە ئەگـــەر حـــاڵـەتێکی چاوەڕوانکراویش بـێـت، بـەڵام لـەلایـەن سـەرکردایەتی سیاسی کوردستـانەوە زۆر جەختی لەسەر نەکراوەتەوە و تا ئێستاش کورد لە عێراقدا، فاکتـەرێکی گرنگە بۆ بونیـادنانەوەی عـێـراق و لەم پێناوەشـدا گەورەترین رۆڵ لە بەغدا دەگێڕێت، ئەگەر سەیر بکەین، ئێستا سەرکۆماری عێراق کوردە، هەروەها وەزیری دەرەوە و جـێگری سـەرۆک وەزیران کــوردن، ئەمــەش ئەوە دەگەیەنێ کورد هێشتا لە بەغدا بەو جۆرە نائومــێــد نەبووە کــە بیــر لە ئەگــەر و ئەلتەرناتیڤی دیکە بکاتەوە.

لەم بارودۆخـەدا باشــترین رێگەچارەی ژیرانە ئەوەیە پشت بە پرەنســیــپــەکــانی کۆنگرەی ســالّی ٢٠٠٣ی سـەلاحـەددین و کۆنگرەکانی پێشتری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە ببـەسـتـرێت کـە جەخت لەسـەر بونیادنەوەی عێراق دەکات لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی و فیدراڵی، لەلایەکی دیکەش هەتا کورد بە تەواوی لە بەغدا نائومـێـد نەبێت، بیرکردنەوە لە ئەگەر و رێگەچارەی دیکە لە بەرژەوەندی کوردستاندا نابێت.

### فەرەنسا نەیتوانیوە وەک هێزێکی گەورە رۆڵی خۆی بگێڕێت

کە باسی ئاییندەی کوردستــان دەکەین، پێش هەر لایەنێک فەرەنسا بە بیری کورد دێتەوە، ئەگەر خۆمان لەگەڵ ئەرمەنییەکان بەراورد بکەین دەبینین فەرەنسا هەڵوێستی ئیـجابییـانەتری بەرامبەر ئەرمـەنییـەکان هەبووە، راسـتە ئێمە وەک کورد کە باسی سەربەخۆیی دەکەین یەکسەر «سیڤەر»مان بەبیـردێتـەوە، کـە باسی پاراسـتنی کـورد دەکـەین بڕیاری «٦٨٨» نێـودەوڵـەتیـمـان بەبیردێتەوە، بەڵام کە باسی لە پشتگیری ئەزمـوونی دیموکراسی کوردستـان دەکـەین، رۆڵی فەرەنسا رۆڵێکی کەمە.

دەربارەی هەڵوێست و رۆڵی سیـاسـەتی فەرەنسا ئێستا بەرامبەر بە کوردستان و عێراق ئالان مادلن گوتی:

«من سـیـاسـەتی ئێـسـتـای فـەرەنسـا بەرامـبـەر عـێـراق بە هەڵە دەزانم، لەگـەڵ ئەوەی لەوەش تێدەگەم بۆچی سیـاسـەتی فەرەنسا بەرامـبـەر عـێـراق بەو جـۆرەیە؟

**«من سیاسەتی ئێستای فەرەنسا بەرامبەر عێراق بە هەڵە دەزانم، لەگەڵ ئەوەی لەوەش تێدەگەم بۆچی سیاسەتی فەرەنسا بەرامبەر عێراق بەو جۆرەیە؟**

بەڵام من لەسەر ئەو سیاسەتە نارازیم، بۆ فەرەنسا وا باشترە بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات و هەقە لە سەر ئاستی سیاسی و ئابووری مـامـەڵەیەکی زۆر باش لەگەڵ کـوردسـتـان پیـادە بکات، فـەرەنسـا رۆڵێکی گـرنگی لە دابینکردنی نەوای ئارام و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجـوومـەنی ئاسایش هەبووە کە فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ پاراستنی کورد لە دەستی رژێمی سەدام حوسێن، دەربارەی پەیماننامەی «سیڤەر»یش من حەز دەکەم راشکاوانە ئەوە بڵـێم من کار لەسەر واقیع دەکەم نەک مێژوو، هەر بۆیە باسی ئەو بارودۆخە دەکەم کە ئێستا کورد پیایدا تێدەپەڕێت، دووپاتی دەکەمەوە بۆ ئێستای کورد باشترین رێگەچارە، چارەسەری فیدرالییە و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش لەو ئاستەن بتوانن بەو ئاراستەیە هەنگاو بۆ ئاییندە هەڵبگرن.

### کورد و ئەرمەن لە سیاسەتی فەرەنسادا

ئەگەر ئەرمەنەکان لەلایەن حکومەتی تورکیا پرۆسەی جینۆسایدیان بەرامبەر پیادەکرابێت، ئەوا کورد لەلایەن چەندین دەوڵەتەوە ئەم پرۆسەیەی بەرامــبــەر پیــادەکــراوە، لەلایەکی دیکە پرۆســەی جــینۆســایدکــردنی ئەرمەنییەکان بووە بە بەشێک لە مێژوو، بەڵام پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورد تا ئێستاش بەردەوامە، بەڵام ئەوەی پێچەوانەیە لەم حاڵەتەدا، ئەوەیە کـە فـەرەنسـا بڕیارێکی سـیــاسی هەیە بۆ ناسـاندنی جـینۆسـایدی ئەرمەنییەکان، بەڵام لەهەمبەر کورد بێدەنگە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پەرلەمانتاری دۆستی کورد لە پەرلەمانی فەرەنسا گوتی: «بەڵێ ئەمە واقیعێکی راستە، هێندەی بایەخ بە مەسەلەی ئەرمەنەکان دراوە لە سیاسەتی فەرەنسیدا هێندە بایەخ بە مەسەلەی کورد نەدراوە، چەندین جاری دیکەش لەناو پەرلەمانی فەرەنسیدا ئاماژە بەم مەسەلەیە کراوە، بەڵام لێرە هەقیقـەتێک هەیە لەبەرچاوی نەگـرین ئەویش ئەوەیە کـە دەنگدەری ئەرمەنی لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسیشدا لە دەنگدەری کوردەکان زیاترە و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کاریگەریان لەسەر سیاسەتی فەرەنسا زیاتر بێت، ئەمەش بۆچوونی سیاسەتمەداره فەرەنسییەکانە».

### تورکیا و هەڕەشەکانی بۆ سەر کوردستان و بێدەنگی EU

فەرەنسا یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی یەکێتی ئەوروپا و کاریگەریەکی گەورەشی لەسەر نەخشـەی سیـاسـەتی دەرەوەی یەکـێـتی ئەوروپا هەیە، هەفتەی رابردوو سیۆسەرکوزی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا جارێکی دیکە ئاماژەی بەوەکرد کە تورکیا لەسەر رەفتاری تورکیا لەناو یەکێتی ئەوروپادا جێگەی نابێتەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستەی فەرەنسا کاریگەری نەکردووە بەوەی چیدیکە هەڕەشە لە باشووری کوردستان ناکات یان تورکیا رەفتاری خۆی بەرامـبـەر کوردی باکووری کـوردسـتـان بگۆڕێت، ئایا لەناو یەکـێـتی ئەوروپاشدا کێشەی کورد نەبۆتە ئەو مەسەلەیەی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە؟

**دەربارەی ئەم پرسە گرنگە ئالان مادلن گوتی:**

ئێمە سەبارەت بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دووخاڵی گرنگمان هەیە و دەبێ تورکیا ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات:

١- ئێمە تەئکید دەکەینەوە تورکیا دەبێت پابەندبێت بەو دەستوورەی کە بڕیارە بۆ یەکێتی ئەوروپا دابنرێت، هەروەها دەبێت فاکتەرێک بێت بۆ سەقامگیریی ناوچەکە بەتایبەتی لەگەڵ کورد.

مەرجەکانمان ئاشکران، دەبێ تورکیا رێز لە مافی مرۆڤ و کەمینەکانی ناو تورکیا بگرێت، ئێمە وەک فەرەنسا بایەخمان بە کێشەی ئەرمەنەکان داوە، لە راستیشدا جینۆسایدی ئەرمەنەکان بۆتە بەشێک لە مێژوو، منیش لەگەڵ ئەوە نیم زۆر بایەخ بە مێژوو بدرێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ واقیع مامەڵە بکرێت کێشەی کوردیش واقیعی ئێستایە و دەبێ فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپاش هەڵوێستیان ئاشکراتر بێت و مەرجێکیشە بۆ بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا.

٢- لەسەر ئاستی بازرگانی و ئابووری، یەکێتی ئەوروپا ناوەندێکی بازرگانی و ئابووری گەورەیە لە جیهاندا، ئەگەر تورکیا باری بازاڕ و ئابووری خۆی لەگەڵ ئەوروپاشدا نەگونجێت، نابێتە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئەوروپی.

ئێستا تورکیا لەبەردەم ئەم مەرجانە دەستەوەستانە بۆیە ئەگەری بە ئەندامبوونیشی لە یەکێتی ئەوروپا، زۆر زەحمەتە.

### ستیڤن بیدل پسپۆری ستراتیژیی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ گوڵان:



# ئەگەری سەرکەوتنی ئەمەریکا لەم ستراتیژە نوێییەدا لاوازە

**پسپۆرانی ستراتیژیی سەربازی و سیاسی لە نێوەندەکانی دیراسەت و لێکۆڵینەوە هەموویان بە جیاوازی بیروبۆچوونیانەوە لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن ئەمەریکا لەعێراقدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت، ئەوەی ئێستا جێگەی موناقەشە و وتووێژی نێوان شارەزا و پسپۆرانی ئەم بوارەیە، ئەمەریکا چۆن لە تەڵەزگەی عێراق رزگاری بێت و چۆن کارێک بکات بەرژەوەندیەیکانی ئەمەریکا رووبەڕووی مەترسی نەبێتەوە.**

**هەربۆیە کاتێک باس لە ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکی دەکرێت، هەست دەکرێت ئەم ستراتیژە پشتی بەستووە بە دیپلۆماسییەتی هێز زیاتر لەوەی پشت بەستوو بێت بەهێزی دیپلۆماسییەت.**

**بۆ هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لە تێڕوانینی پسپۆرانی ستراتیژی ئەمەریکا، گوڵان پەیوەندی بە د.ستیڤن بیدل پسپۆری ستراتیژیەتی سەربازی لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

**ئەم ستراتیژە تازەیە چی تازەی لەخۆ گرتووە؟**

ستراتیژی تازەی ئەمەریکا هێندەی ستراتیژییەکی سەربازییە، هێندە سیاسی نییە، هەربۆیە جیاوازییەکیشی لەگەڵ ستراتیژی پێشووی ئەمەریکا هەیە. دەربارەی ئەم ستراتیژە نوێیە د.ستیڤن بیدل بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:

"لە دوای راگەیاندنی ستراتیژییەتی تازەی سەرۆک بوش، من بە کورتی چەند تێبینییەکم لە سایتی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بڵاوکردەوە وتیایدا پرسیاری ئەوەم کردبوو "لە ستراتیژی پێشووی ئەمەریکا، ئەگەرەکانی سەرکەوتن زۆر لاواز بوون، ئایائەم ستراتیژە تازەیە ئەو بۆشاییانەی پڕکردۆتەوە؟

بێگومان بە بۆچوونی من ئەم ستراتیژە تازەیە هەندێک لەو کەلێن و بۆشاییانەی پڕکردۆتەوە، بەڵام نەک زۆربەیان، هەندێک شتی باش لەم ستراتیژە نوێیەدا هەیە بۆ نموونە گۆڕینی ئەرکی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتییانی سیڤل لە عێراقدا، ئەمەش گۆڕینی ئەرکە کۆنەکەی هێزەکانمانە و هەنگاوێکە بە ئاراستەیەکی راستدا، هەروەها پابەندبوون بەئامادەباشییەکی نوێوە هاوکات لەگەڵ بوونی هێزەکانمان لە عێراقدا بۆ بەگەڕخستنەوەی پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانی.

لە هەمانکاتدا هەندێک کەموکورتی گرنگیشی هەیە، بەتایبەتی ئەم هێزە نوێیە هێندە نییە و بەو ئاستەش نییە بتوانین ئاشتی و سەقامگیری لە شارێک بە قەوارەی بەغدا بچەسپێنێ، ئەگەر ئەم بوونەی هێزەکانی ئێمەش نەتوانێت سەقامگیرییەکی تەواو بچەسپێنێ، ئەوا لەسەر ئاستی سیاسی دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ دوورکەوتنەوەمان یان بێ بەڵێنی یاخود کاریگەرییەکی زۆر کەم.

هەربۆیە ئەم ستراتیژە نوێیە گرەوێکی گەورەیە، ئەگەرەکان کەمترن، بەڵام لە ستراتیژی پێشتر باشترە، بۆ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەری سەرکەوتن زیاتر دەبێت؟ بێگومان وڵامێکی بابەتیانە بۆ ئەم پرسیارە نییە، ئەم مەسەلەیە پێویستی بە کەسێکی لێبوردەی ئەوتۆ هەیە کە بەرگەی خەرجی و مەترسی گەورە بگرێت و بتوانێت لەنێو ئەگەرە جۆراوجۆرەکان حوکمڕانی گەلەکەی بکات.

بەهەرحاڵ، وێڕای هەموو ئەمانە، شکست هێنان لە عێراقدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا رووبەڕووی گەورەترین مەترسی دەکاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا چانسی بەردەمیشمان بۆ سەرکەوتن زۆر گەورە نییە، باجی ئەم گرەوەش لەسەر ژیانی هاووڵاتییانی ئەمەریکاش زۆر دەکەوێت، بەڵام

**ئەم هێزە نوێیە هێندە نییە و بەو ئاستەش نییە بتوانین ئاشتی و سەقامگیری لە شارێک بە قەوارەی بەغدا بچەسپێنێ، ئەگەر ئەم بوونەی هێزەکانی ئێمەش نەتوانێت سەقامگیرییەکی تەواو بچەسپێنێ**

ئەوەش كارێكی لۆژیكیانەنییە لەم كاتەدا بڕیار لەسەر ئەوە بدەین،كە ئەگەرەكان چەند سەركەوتوون و خەرجییەكانمان چەند دەبن.

**لەوانەیە كۆنگرێس بودجەی هێزەكان پەسەند نەكات**

دوای سەركەوتنی دیموكراتەكان لە كۆنگرێس گوشاری سەر ئیدارەی بوش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، بەڵام چاودێران مەزەندەی ئەوە دەكەن كە دیموكراتەكانیش لە مەترسی شكستی هێزەكانی ئەمەریكا لەعێراق تێدەگەن و چەند دژی هەڵوێستی بوش بن، بەڵام لەوەدا یەكدەگرنەوە كە كارێك نەكەن بەرژەوەندی و ئایندەی ئەمەریكا بكەوێتە مەترسییەوە، بەڵام پێدەچێ ئێستا ئەم ململانێیەی نێوان كۆنگرێس و ئیدارەی ئەمەریكی ئەو ئاستەی بەزاندبێت و كۆنگرێس هەڵوێستێكی توند بەرامبەر هێزەكانی ئەمەریكا وەربگرێت.

**دەربارەی ئەم مەترسییە د.ستیڤن بیدل دەڵێت:** ئەوە زۆر دوورە سەرۆك بوش بتوانێت پشتگیری دیموكراتەكان بۆ ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریكا لە عێراقدا مسۆگەر بكات، لەبەرئەوەی دیموكراتەكان بە جدی دژی زیادكردنی هێزەكانی ئەمەریكان بۆ عێراق، بۆیە لەباری واقیعدا من وای دەبینم كە دیموكراتەكان هەوڵبدەن ببنە ئاستەنگ بۆ ئەم ستراتیژە نوێیە و زیاد لەمەش یاسایەك دەربكەن كە خەرجیی لە هێزەكانی ئەمەریكا ببڕن.

**حكومەتی مالیكی لەبارودۆخێكی زۆر قورسدایە**

ئەو بارگرانییەی لە ئاكامی گوشارەكانی كۆنگرێس و رای گشتی ئەمەریكا دروست بووە، ڕەنگدانەوەیەكی خراپی لەسەر باری حكومەتی مالیكی هەیە، هەربۆیە بوش ناچار بووە راشكاوانە بڵێت هیچ كات مالیكی هێندە لاواز نەبووە، دەربارەی بارودۆخی حكومەتی مالیكییش د.ستیڤۆن دەڵێت:

حكومەتی مالیكی ڕووبەڕووی سەخترین تەحددی بۆتەوە ئەویش دابینكردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراقە، من ئومێد دەخوازم لەم ئەركە قورسەدا سەركەوتوو بێت، بەڵام ئێستا لە بارودۆخێكی هێجگار قورس و خراپدایە".

**ئەم ستراتیژە تازەیە**
**هەمان ستراتیژی پێشووە بۆ كورد**

كوردیش مافی خۆیەتی لە هەر گۆڕانكاری و بەرەوپێشەوەچوونێكدا، پرسیار لە پێگەی خۆی بكات و بزانێت بەرەو كوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، هەندێك لە چاودێران لەسەر بارودۆخی عێراق و كوردستان وای دەبینن كە ئەم ستراتیژە تازەیە دەستكەوتەكانی كورد كەم دەكاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی كوندالیزارایس ئاماژەی بەوە كرد كە كورد مافی بەسەر دەرهێنانی نەوتەوە نابێت لەسەر ئەم پرسە گرنگەش بیدل گوتی: "ئەم ستراتیژە تازەیەش هەروەك ستراتیژ پێشتری ئەمەریكا جەخت لەسەر پێكهاتنەوەی پێكهاتە سەرەكییەكانی عێراق دەكاتەوە لە ناویاندا كوردیش، بۆیە لەم ستراتیژە تازەیەدا من وای دەبینم بۆ پێكهاتە سەرەكییەكان هەمان ستراتیژی پێشووە.

**چانسی بەردەمیشمان بۆ سەركەوتن زۆر گەورە نییە، باجی ئەم گرەوەش لەسەر ژیانی هاووڵاتییانی ئەمەریكاش زۆر دەكەوێت**

**مالیكی ڕووبەڕووی سەخترین تەحددی بۆتەوە ئەویش دابینكردنی ئاسایش و سەقامگیری عێراقە، من ئومێد دەخوازم لەم ئەركە قورسەدا سەركەوتوو بێت، بەڵام ئێستا لە بارودۆخێكی هێجگار قورس و خراپدایە**



## قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:



# زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس نیگەرانی خۆیان دەبڕیوە دەربارەی ئەو ستراتیژییەتە تازەیەی ئەمەریکا لە عێراق

**سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمەریکاو کاریگەری ستراتیژییەتی تازەی ئەمەریکا لەسەر سەقامگیری عێراق و رۆڵی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە قۆناغی ئەمڕۆی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستان و لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگان و کاریگەری تورکیا لەسەر مەسەلەی کەرکوک و ماددەی (١٤٠)، بەڕێز قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە ئەمەریکا بەمشیوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس نیگەرانی خۆیان دەبڕیوە دەربارەی ئەو ستراتیژییەتە تازەیەی ئەمەریکا لە عێراق، پێیموایە فشارێکی زۆر دەخرێتەسەر ئیدارەی ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش سیاسەتی خۆیان جێبەجێ بکەن و لە داهاتوویەکی نزیکدا هەندێ سەرکەوتن وەدەست بێنن.

دیارە ئێستا کێشە هەیە لە نێوان هەردوو حزبی سەرەکی ئەمەریکا. دەبێ ئەوەشمان لە یادبێت دووساڵی دیکە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکا ئەنجام دەدرێ. بۆیە دەتوانین بڵێین هەڵمەتی هەڵبژاردن لەمڕۆوە دەستی پێکردووە، بێگومان مەسەلەی عێراق تەوەری سەرەکی هەڵبژاردنەکانە. لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران کە بەم دواییە ئەنجامدرا، کۆمارییەکان دۆڕاندیان، راستە ئەمەریکا ستراتیژییەتی خۆی راگەیاند، گلەیی زۆریش دەکرێ کە ئەمەریکا زیاتر پشت بە هێزی سەربازی دەبەستێ بۆ سەقامگیری عێراق.

ئەگەر بە وردی دیراسەی ستراتیژە نوێکە بکەین هەمووی سەربازی نییە. گرینگیشی بە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو باشکردنی بارودۆخی ئابووری لە عێراق دراوە. لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ لەگەڵ خەڵکی عێراق. واتە ستراتیژەکە چارەسەری ئابووری و سیاسی و سەربازییە.

سەبارەت بەوەی کە ئەمەریکا زیاتر گرنگی بە شیعەو سوننەی عەرەب دەدات و بە هەمان شێوە روو لە کورد ناکات، بەڕێز قوباد تاڵەبانی گوتی:- ئەمە سیاسەتێکی هەڵەبووە تائێستا لەلایەن ئەمریکییەکان بەڕێوەچووە، ئەوان گرنگییان بەو لایەنانە داوە کە تائێستا کێشەیان بۆ ئەمەریکا دروستکردووە لە ناوچەکەدا. ئەوان وایانزانیوە ئەگەر بتوانن دڵی شیعە و سوننە رازی بکەن ئیتر کێشەیان نامێنێ.

هاوکات لە هەندێ حاڵەتدا بۆچوونی کوردیان فەرامۆش کردووە، ئێمەش ئەو نیگەرانییەمان گەیاندۆتە بەرزترین ئاست لە ئەمەریکا کە ئێمە دۆست و هاوپەیمانی ئەوانین، لە بەرژەوەندی ئەوانە پارێزگاری لە ئێمە بکەن. یارمەتیمان بدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پتەوکردنی دامودەزگاکانمان.

ئەمەریکا ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی تا چەند دڵی سوننە بە نموونە رابگرن نەهێمن دەبنەوە نە دەتوانن لەگەڵ شیعە بەیەکەوە بژین.

لە حاڵێکدا ئەگەر ستراتیژییەتی ئەمەریکا سەرنەکەوت دیارە وەک سەرۆک بوش دەڵێ کارەسات روو دەدات، لەمبارەیەوە نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمەریکا گوتی:- کارەسات ئەوەیە لەوانەیە هێزی تیرۆریستان حوکمی عێراقیان بکەوێتە دەست وەک ئەوەی لە ئەفغانستان کاتی خۆی روویدا.

هەموو ئەگەرێک لە بەردەمدایە ئەگەر ئەمەریکا لەو ستراتیژییە تازەیەی سەرنەکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدانیم ئەمەریکا بە ئاسانی دەست لە عێراق هەڵگرێ، ئەو قوربانی داوەو بە ملیارات دۆلاری سەرفکردووە هەم بۆ پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە کە بەداخەوە دیار نییە هەم بۆ پرۆسە سەربازییەکانی.

بۆیە بڕواناکەم ئەمەریکا بە ئاسانی وازبێنێ، لەگەڵ ئەوەی

که سەبرو ئارامییان نەماوە بەڵام پاشەکشێ ناکەن، چونکەوهەر خۆیان دەزانن چ زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێ.

سەبارەت بە ماددەی(١٤٠)و ئەگەری جێبەجێ نەبوونی و داهاتووی پەیوەندی کورد-ئەمەریکا بەڕێز قوباد تاڵەبانی گوتی:- دیارە ئەمەریکا سەبارەت بە ماددەی(١٤٠) رای روون و ئاشکرایە، ئەو دەڵێ دەبێ کار بە دەستوور بکرێ، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دەبێ لە ناو عێراق چارەسەر بکرێ بە هەماهەنگی نێوان کوردو عەرەب. ئەگەر ئێمە لەگەڵ برایانی عەرەب بتوانین بگەینە ئەنجامێک و ئەنجامەکە بە هەر لایەکدا بشکێتەوە، ئەمەریکا دژی ئەو رێکەوتنە نابێت.

راستییەک هەیەو دەبێ بیزانین ئەویش ئەوەیە کە ئەمەریکا خۆی بە خاوەنی ماددەی(١٤٠) نازانێ، عێراقییەکان خاوەنی ماددەی(١٤٠)ن، بەم دواییە باڵیۆزی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا گوتی: جێبەجێکردنی یان جێبەجی نەکردنی ماددەی(١٤٠) بڕیارێکی عێراقییە، ئەگەر دوابکەوێ هۆکارەکەی عێراقییەکانن، جێبەجێش بکرێ هەر عێراقییەکان هۆکارن.

دڵنیام کە ماددەی(١٤٠) جێبەجێ دەبێ، چونکە داوای سەرجەم خەڵکی کوردستانە، هاوکات حکومەتی کوردستان هێڵێکی سووری داناوە لەسەر مەسەلەی کەرکوک، خەڵکی کوردستان ناتوانێ لەمە زیاتر چاوەڕێ بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

خەڵکی کەرکوک سێ ساڵە لە چاوەڕوانی دۆزینەوەی چارەیەکن بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی لە شاری خۆیان بژین، بۆیە من لەو باوەڕەدام هەر چۆنێک بێت جێبەجێ دەبێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی دەوروبەر سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگان سەبارەت بە کوردستان و کەرکوک، قوباد تاڵەبانی گوتی: ئێمە وەک کورد دەبێ هەمیشە نیگەران بین و مەترسیمان هەبێ لە بیروبۆچوونی هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

نموونەیەکی زیندوو لەبەرچاوە، لە نەوەدەکان تورکیاو سوریاو ئێران ئەگەر لەسەر هیچ شتێک نەیانتوانیبا رێککەون لەسەر دژایەتی کورد دەیانتوانی رێککەون و کۆک بن.

ئێمەش نابێ ئەمرۆ هەڵەکانی رابردوو دووبارە بکەینەوە، لەنێو خۆماندا گرفت بۆ خۆمان دروست بکەین. یەکڕیزی خەڵکی کوردستان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمەریکا زۆر گرنگترە. بەهێزکردنی حکومەتی کوردستان و یەکڕیزی حزبەکانی کوردستان گرەنتی مانەوەی ئێمەیە وەک هێزێکی سەرەکی لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە سەرمان سوڕماوە لەو لێدوانانەی لە تورکیا دەردەچن دەربارەی ئێمە، هەر رۆژەو شتێک دەڵێن و شتێک هەڵدەبەستن، هەرچەندە هەندێ لێدوانەکان ئەوەندە ناهێنن وەڵامیان بدرێتەوە، هەندێ لەو قسانە پەیوەستن بە هەڵبژاردنەکان لە تورکیا، هاوکات دەبێ لە(١٨) مانگی داهاتوو خۆمان بۆ زمانێکی توندتری تورکیا ئامادە بکەین.

لە دوا تەوەردا بەڕێزیان تیشکی خستەسەر داهاتووی عێراق و ئەگەری دابەشبوونی و گوتی:- مەسەلەی دابەشکردنی عێراق لە ئەمەریکا زۆر بە گەرمی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ. ئیدارەی بوش دژی فیدرالییەت نییە، ناشتوانن دژی فیدرالییەت بن، چونکە وڵاتی خۆیان وڵاتێکی فیدراڵە، ئەگەر فیدرالیزم سیستەمێکی خراپە، بۆ خۆیان پەیڕەوی دەکەن؟ پێموایە ئەوەی ئیدارەی بوش دژییەتی جیاکردنەوەی عێراقە. نەمانی عێراق وەک وڵاتێک.

ئەوانەی باسی لە دابەشبوونی عێراق دەکەن وەک جۆزیف بایدن مەبەستیان ئەوە نییە عێراق هەڵوەشێننەوە، بەڵکو داوا دەکەن پێکهاتەکان هەرێمی بەهێزی خۆیان هەبێت. ئەمەش لە ساڵی(١٩٩٢)ەوە کورد داوای دەکات.

**ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی کە سەبرو ئارامییان نەماوە بەڵام پاشەکشێ ناکەن، چونکە هەر خۆیان دەزانن چ زیانێکی گەورەیان بەردەکەوێ**

**بەهێزکردنی حکومەتی کوردستان و یەکڕیزی حزبەکانی کوردستان گرەنتی مانەوەی ئێمەیە وەک هێزێکی سەرەکی لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**





## د. ڕۆسماری هۆلێز
## پسپۆڕ لە سیاسەتی ئەمەریکا لە لەندەن بۆ گوڵان:

# لاوازیی ستراتیژی بوش تەنها دژایەتی کۆنگرێس نییە بەڵکو لە ناو ئیدارەکەشدا ململانێ هەیە

**ئەگەری بەردەم سەرکەوتنی ستراتیژی تازەی ئەمەریکا لە عێراقدا هێندە جێگەی گەشبینی نییە، بەتایبەتی کە چاودێرانی بارودۆخەکە سەیری واقیعی واشنتۆن و بەغدا دەکەن و فاکتەرە بەهێزو لاوازەکان لێک جیادەکەنەوە هەست دەکەین، کە چانسی سەرکەوتن لەوپەڕی لاوازیدایە، ئەمەش لەدوو لایەنی گرنگەوە، یەکەمیان گوشاری ناوخۆی ئەمەریکا و ئامادەنەبوونی لایەنەکانی سوننەو شیعە بۆ پێکەوە ژیان و پێکهاتنەوەی نیشتمانی.**
**دەربارەی ئەم پرسە گوڵان پەیوەندی کرد بە د. ڕۆسماری هۆلێز پسپۆڕ لە سیاسەتی ئەمەریکاو بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لە ئامۆژگاری پادشایەتی چاتام هاوس و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

### تەحدییەکانی بەردەم ستراتیژییەتی تازەی بوش لە عێراقدا

بێگومان ستراتیژییەتی بوش لە عێراقدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی گەورە دەبێتەوە، پێشنیارو بۆچوونەکان لەسەر کشانەوەو مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا هێندە زۆرن هەر ڕێگەچارەیەک هەڵبژێرێت لایەک پێی ڕازی دەبێت و لایەکی دیکە دژی ڕادەوەستێت، هەر بۆیە کاتێک کە ستراتیژییەتی تازەش ڕاگەینرا، دژایەتی و ڕەخنەگرتن لە هەموولایەک سەری هەڵدایەوە.

لەمبارەوە خاتوو (ڕۆسماری) خاڵە لاوازەکانی بەمجۆرە بۆ گوڵان دەستنیشانکرد:

گرنگترین خاڵی لاوازی کە ڕووبەڕووی ستراتیژی تازەی بوش لە عێراقدا دەبێتەوە بریتییە لە:-

١- ئەم ستراتیژە تازەیەی بوش لە عێراقدا پشت بە تواناو ئیرادەی حکومەتی عێراق دەبەستێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە چەکداماڵینی میلیشیاکان و گروپی مردنی شیعەکاندا هاریکاری بکات ئەم پشت بەستنەی لەم مەسەلەیەدا بە حکومەتی عێراق، پشت بەستنێکی سەرکەوتوو نابێت.

٢- وامەزندە دەکرێت کە نەهێشتنی کاریگەریی ئێرانییەکان لە عێراقدا بە ڕووبەڕووبوونەوە دەبێت نەک بە ڕێککەوتن، ئەمەش واتە کێشەی ئەمەریکا ئاڵۆزتر دەبێت بەتایبەتی کە ئەو حکومەتەی ئێستا لە بەغدا لە دەستەڵاتدایە زۆرینەی شیعەیەو بەشی زۆری شیعەش لایەنگیری ئێرانن.

٣- ئێستا حکومەتی بوش تەنها لەلایەن دیموکراتەکانەوە ڕەخنەی ئاراستە ناکرێت، بەڵکو لە ناو خودی پارتی کۆماریشدا ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن بوونەتەوە ئەم حاڵەتە مانای ئەوەیە نارەزاییوونێکی گشتی و گوشارێکی گەورە لەسەر ئیدارەی بوش هەیە، بوونەتە خاڵی لاوازی ستراتیژییەتی تازەی بوش عێراقدا.

حکومەتی مالکیش هەر لاوازە ئیدارەی ئەمریکی لەسەر مەسەلەی عێراق ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورە بۆتەوە، حکومەتی مالکیش لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی تەنگژەی عێراقی پێناکرێت ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحدی و لاوازی گەورە بۆتەوە.

لەمبارەوە د. هۆلێز دەڵێت:«لاوازی حکومەتی مالکی لەوە سەرچاوەی گرتووە

که زۆر پشت به پارته سیاسییه شیعەکان دەبەستێت، نەک سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، ئەم پارتە شیعانەش بڕیاریانداوە کە پێکهاتنەوەی نیشتمانی سەرتاسەری لەگەڵ یاخیبووانی سوننە گرێنەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کاریگەریی ئێرانیان لەسەرە، پێموایە ئەم کێشەیەش هەر بەردەوام دەبێت».

ئەم حاڵەتە وایکردووە کە حکومەتی مالکی نەتوانێت هەنگاوی جدی هەڵبگرێت پرۆسەی پێکهاتنەوەی نیشتمانییش کە بە فاکتەرێکی گرنگی پرۆسەی سیاسی و تەواوکەری زیادکردنی هێزی سەربازی دادەنرێت، هیچی لێ بە ئاکام ناگات.

### پێگەی کورد لە ستراتیژییەتی ئەمەریکادا

عێراق لە سێ پێکهاتەی سەرەکی پێکهاتووە کە بریتین لە کوردو شیعەو سونە بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ستراتیژە هێندەی بایەخی بە سوننەو شیعە داوە هێندە بایەخی بە کورد نەداوە، هەندێک لە چاودێران پێیان وایە شرۆڤەی لەو جۆرە بۆ بارودۆخەکە دەکەن بەوەی هەرێمی کوردستان ئارامەو بەشێک نیە لە کێشەی نێوان عەرەبی سوننەو شیعە، ئەم ستراتیژییەتە تایبەتە بە هێورکردنەوەی باری توندوتیژی نێوان عەرەبی سوننەو شیعە، بۆیە کەمتر باس لە کوردستان کراوە.

هەندێک چاودێری دیکەش پێیانوایە ئەم ستراتیژە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی لایەنی سوننە بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقداو ئەم مەسەلەیەش وا پێویست دەکات کە لایەنی شیعەو کورد هەندێک تەنازول بکەن.

دەربارەی ئەم ستراتیژەو پێگەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق خاتوو ماری گوتی: «ئامانجی ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمەریکا بۆ سەرتاسەری عێراقەو کوردیش بەشێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، ئەمەریکا دەخوازێت عێراق وڵاتێکی فیدراڵی بێت، بەڵام فیدراڵییەکی لاوازو حکومەتێکی ناوەندی بەهێز، بۆ ئەوەی رێگە لە سەربەخۆیی کوردستان یان باشوری عێراق بگرێت، ئەمەریکا دەیەوێت کارێک بکات کە سوننە رازی بکات و عێراق پێکەوە گرێبداتەوە».

### تورکیاو هەرێمی کوردستان

تورکیا وەک دەوڵەتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە هەڕەشەو گوڕەشە لەم هەرێمە ئارامە، دەربارەی هۆکارەکانی هەڕەشەو گوڕەشەی تورکیا خاتوو رۆسماری بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

«هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار کە تورکیا لێیان دەترسێت:-

١- مەترسی پەکەکە لە بەکارهێنانی هەرێمی کوردستان وەک نەوایەکی ئارام.

٢- ئایندەی کەرکوک.

بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە وریایی لەگەڵ ئەم دوو مەسەلەیەدا مامەڵە بکات و هەوڵبدات مەترسیی تورکیا بڕەوێنێتەوە، ئەو ئەزموونەی ئێستا کوردستان پێیدادەچێت زۆر سەرکەوتوو بێت، توانیووتانە تا ئێستا ئەم هەرێمە بە باشی بەڕێوەبەرن، باشترین رێگەچارەش ئەوەیە لەسەر ئەم رێگەیە بەردەوام بن.

## ستراتیژی تازەی ئەمەریکا هێندەی بایەخی بە سوننە و شیعە داوە، هێندە بایەخی بەکورد نەداوە

